# نەوت بەرامبەر پەكەكە

بەهێز حوسێن
Bahez2006@hotmail.com



من لەو باوەڕەدام كە هێشتا فەقێكانی ئەتاتورك نەگەیشتوونەتە ئاستی گۆڕان لە بیركردنەوە و تێڕوانینیان بۆ پرسی كورد نەك تەنها لە چوارچێوەی دەوڵەتی توركیا بەڵكو لە سەرانسەری جیهاندا ، ئەوەی ئێستاش ڕەجەب تەیب ئەردۆگان بانگەشەی بۆ دەكات و گوایە 180 پلە لە بیركردنەوە و مامەڵە لە بەرامبەر كورد و كەركوكدا گۆڕاون ، جگە لە گەمەیەكی نوێی سیاسی تر چ ناگەیەنێت .

توركیا كە لە ژێر فشاری یەكێتی ئەوروپا و ڕێكخراوەكانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی و شەقامی ناوخۆی توركیادایە و پارتەكەی ئۆردوگانیش كە خوازیاری بردنەوەی هەڵبژاردنەكانی ئەمساڵی توركیایە گیرۆدەی چەندان كێشەیی ڕێكخراوەییە و دەخوازن لە نێو ئەو گۆڕانكارییانەی پێشبینی دەكرێت ناوچەكە بگرێتەوە و لەولاشەوە كێشەی گەلی كوردستان ( باكور ) و كێشەی قوبرس و گرفتە ئابورییەكانی وڵات ، وای لە ئەردۆگان و ژەنەراڵەكانی توركیا كردووە كە بۆ لەدەست نەدانی ئەو توركیایەی ئێستا هەیە نەك چارەسەركردنی كێشەكانی ئەو وڵاتە ، چەند هەنگاوێكی تەكتیكی بگرنەبەر ، كە لە نێویاندا پرسی كورد و پەكەكە یە .

پێموایە نە ئەردۆگان و نە سەركردە سەربازییەكانی تری توركیا نایانەوێت لە ڕێگەی گفتوگۆوە پرسی پەكەكە و كورد لە وڵاتدا چارەسەر بكەن ، بەڵام دەخوازن وەك دەیان ئەزموونی پێشوویان تا لە هەڵبژاردنەكان تەواو دەبن و ئەم ڕەوشە پڕ گۆڕانكارییە سیاسیانەی ناوچەكەی گرتۆتەوە بە لایەكدا دەكەوێت ، ئەو پرسە خەفە بكەن و بۆ ئەمەش پاش سەر نەگرتنی هەوڵەكانیان بۆ ئەنجامدانی پەلاماری سەربازی توركیا بۆسەر بارەگاكانی پەكەكە لە باشووری كوردستان ، لە هەوڵی ئەوەدان بە هەماهەنگی لەگەڵ سەركردایەتی سیاسی باشووری كوردستان ئەو مەرامەیان بگەیەننە ئەنجام .

بانگەشەكردنی ئەردۆگان بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستان سەرەتای ئەو هەنگاوە تەكتیكییەیە ، ئەگەر نا هەر چەند هەفتەیەك بەر لە ئێستابوو كە دەربارەی بۆندە نەوتییەكان توركیا قایل نەبوو هیچ جۆرە بۆند و گفتوگۆیەكی تایبەت بە سووتەمەنی لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستاندا بكات ، هەروەها چەند هەفتەیەك بەر

لەم ڕاگەیاندنەی ئەردۆگان کۆبوونەوەی تایبەتیان بۆ لایەنە دژەکوردستانییەکانی عێراق سازکرد دەربارەی کەرکوك و پاشانیش زۆرینەی پەرلەمانی تورکیا ( کە سەر بە حیزبەکەی ئەردۆگانن ) کۆبوونەوەی داخراویان دەربارەی کەرکوك کرد تا پیلانگێڕی بکەن دژی مادەی 140 ی دەستووری عێراق ، باشە ئەی دەبێ چۆن باوەڕ بکەین بەوەی کە بەچەند هەفتەیەك تورکیا گۆڕان بەسەر عەقڵیدا هاتووە و دەیەوێت نیاز پاکانە لە ڕێگەی گفتوگۆوە گرفتەکانی لەگەڵ ئێمە چارەسەر بکات و هەر ئاواش بەبێ ورتە بە کورد دەڵێ کەرکوك بۆ ئێوە ! .

وای بۆ دەچم کە حکومەتەکەی ئەردۆگان لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەکەوێتە گفتو گۆ ، بەڵام پێشبینی ئەوە دەکەم کە بەفشارکردن بۆسەر کوردستانی باشوور گفتوگۆکان بەڕێدەکات و خاڵە لاوازەکانی کوردستان دەکاتەە تەوەری فشار ، بۆ نموونە ڕەنگە داوابکات کە کوردستان فشارە کانی بۆ سەر پەکەکە چڕ بکاتەوە و ڕێگە بدات هەواڵگری تورکیا ئازادانە لە کوردستان کار بکات و قبوڵی بکەن تورکیا کونسوڵخانەیەکی لە کوردستان بکاتەوە ، لە بەرامبەردا تورکیا ڕێگە بە هاتنی سووتەمەنی بۆ کوردستان بدات و مامەڵە لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا بکات و ماددەی 140ی دەستووری عێراقیش قبووڵ بکەن .

بەڵام تا چەند سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بەو مەرجانە قایل دەبن ؟

ئەمە ئەو پرسیارەیە کە مایەی ترسی من و هەموو ئەو کوردانەیە کە پەرۆشی سەرکەوتنی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی کوردستانی باکورن ، کە بەڕای من سەرکردایەتی سیاسی کوردستان قایل دەبێت چونکە :

1 – لە ساڵی 1991 ەوە یەکێتی و پارتی چەندان جار کەوتوونەتە شەڕی دژ بە پەکەکە و شەڕەکەشیان لە بری تورکیا کردووە .

2 – کوردستان تورکیا بە دەروازەیەکی سنوری گرنگ دەزانێت بۆ هێنانی سووتەمەنی و کەلوپەلی بازرگانی .

3 – تورکیا بە هاوپەیمانێکی گەورە و گرنگە دەزانێت و پێی وایە کە ڕازیکردنی تورکیا ڕازیکردنێکی ناڕاستەوخۆی ئەمریکایە .

4- تورکیا بۆ کوردستان لە ڕووی ئابووری و بازرگانییەوە گرنگی خۆی هەیە و زۆربەی ئەو کۆمپانیایانەی لە کوردستاندا پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە ئەنجام ئەدەن تورکین .

5 – ڕەنگە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان وا بزانێت کە بە فشار کردنە سەر پەکەکە کەرکوکی چنگ دەکەوێت .

ڕەنگە هەموو پێشبینییەکانم هەڵە دەربچن و پێچەوانە ببنەوە ، کە پڕ بە دڵ تەمەنناى ئەوە دەکەم ، بەڵام هەرچەند ئەزموونی چەند ساڵەی ڕابردوو دەخوێنمەوە بە گومان دەبم لەوەی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بتوانێت ژیرانەتر لەوەی چاوەڕێی دەکەین گەمەکە لە بەرژەوەندی کورد کۆتایی پێبێنێت .